## سەرپەرشتیاری پرۆژەی هانا بۆبەهاناوەچوونی نەداران لە دەڤەری گەرمیان:

# "ساڵی پار زیاتر لە (٢٠٠) پارچە قوماش و (٣٠٠) پارچە جلوبەرگی ئامادەکراو لەگەڵ زۆر لە پارە و خۆراك و کەلوپەلی ناوماڵ بەسەر هەژارانی دەڤەرەکەدا، دابەش کراوە.

ژوان گەرمیانی
یەکگرتوو / گەرمیان



### "پرۆژەی هانا، ناوەکەی لە بەهاناوەچوونی نەدارانەوە هاتووە"

پرۆژەی هانا پرۆژەیەکی خێرخوازییە و لەلایەن لقی گەرمیانی یەکگرتووی خوشکانەوە بەڕێوەدەبرێت و بەهار سەرپەرشتیاری پرۆژەی هانا بۆ بەهاناوەچوونی نەداران و هەژاران لەم دیدارەی ڕۆژنامەی یەکگرتوودا لەبارەی پرۆژەکەیانەوە دەدوێت و سەبارەت بە ناساندنی پرۆژەکەیان ئەوە ڕادەگەیەنێت "پرۆژەی هانا پرۆژەیەکی خێرخوازییە، بۆ بەهاناوەچوونی هەژاران و نەداران لە گەرمیان جێبەجێ دەکرێت، یەکێکە لە پرۆژە ناوازەکانی دەڤەرەکە تا ئێستا چەندین کەس لێی سودمەند بووە، ماوەیەکی زۆرە دەستی هاوکاریەکانی بە چینە هەژارنشینەکەی گەرمیان دەگەیەنێت، بە ستافێکی سەرپەرشتیاری لەلایەن لقی گەرمیانی یەکگرتووی خوشکانەوە بەڕێوە دەبرێت. پرۆژەی هانا ناوەکەی لە بەهاناوەچوونی نەدارەنەوە هاتووە".

### ئەم پرۆژەیە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سێ ساڵ لەمەوبەر..

مێژووی پرۆژەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سێ ساڵ لەمەوبەر. سەرپەرشتیاری پرۆژەی هانا، چەردەیەکی کورتی مێژوویی لەبارەی بیرۆکە و سەرەتاکانی پرۆژەکەیانەوە دەخاتەڕوو. ئەوان بیرەوەریەکانیان لا پارێزراوە و هەست بە دەرەنجامە شومەکانی پشت کاریسەکانی دوای ڕووداوە ماڵوێرانکەرەکانی دەرهەق بە خەڵکی ناوچەکەیان دەکەن. وەك ئەو سەرپەرشتیارە دەهاتە گۆ "پاش ئەوەی هەستمان کرد دەڤەری گەرمیان بەهۆی ئەو حاڵەتە نەخوازراوە مێژووییەی لەسەردەستی ڕژێمی بەعس لە ڕابردوودا بە خەستی دەڤەرەکەمانی گرتەوە،کە خۆی لە وێرانکردنی گوندەکان و ئەنفالکردنی خەڵکی بێتاوانی گەرمیان و نیشتەجێکردنی خەڵکی گوندەکان لە ئۆردوگاکانی دەوروبەری کەلاردا دەبینیەوە، زۆری نەبرد دەرکەوتەی کاریگەریەکانی ئەم ڕووداوانە بە چەندین شێوە لەنێوان خەڵکی بەشمەینەتی ئەم دەڤەرە بەدەرکەوت، هەژاریش بووە دەرکەوتەیەکی ئەم سیاسەتە وێرانکەرە، بۆیە ئێمە وەکو لقی گەرمیانی یەکگرتووی خوشکان پێش سێ ساڵ لەمەوبەر بیرمان لە دروستکردنی بۆردێك کردەوە بۆ هاوکاریکردنی هەژاران لێرەوە سەرەتاکانی گەڵاڵەکردنی پرۆژەی هانا پێی نایە قۆناغی کاریەوە، هەرچەندە لە سەرەتادا ناوی لێ نەنرابوو، بەڵام دواتر ناومان لێنا (پرۆژەی هانا) و ستافێکی سەرپەرشتیاریمان بۆ پێکهێنا، کە خۆی لە جوهدی چەند خوشکێکدا دەبینێتەوە"

### مەبەستمانە لە ڕێگای پرۆژەی هاناوە خەمی هاووڵاتیان لەکۆڵ بگرین..

ئەم پرۆژەیە هەوڵکی مرۆڤدۆستانەی لقی گەرمیانی یەکگرتووی خوشکانە، گەیاندنی یارمەتی هاووڵاتیانی خێرخوایە بە خەڵکە هەژارنشینەکە، تا هەموو پێکەوە لە ڕێگای پرۆژەی هاناوە خەمی هاووڵاتیانی بەشمەینەت لەکۆڵ بگرن.

ئەو سەرپەرشتیارە مەبەستی پرۆژەکەیان دەخاتەبەرباس و دەڵێت"مەبەست لە پرۆژەکەمان، گەیاندنی ئەو یارمەتیانەیە کە لەلایەن هاووڵاتیانی خێرۆمەندەوە پێمان دەگات، بەزۆری هاوکاریەکان خۆی لە پارە و جل و بەرگ و خۆراك و کەلوپەلی ناوماڵ و ئەنجامدانی سفرەی خەیری لە مانگی مەولود و ڕەمەزاندا دەبینێتەوە، ئێمەش وەك ستاف پرۆژەکە لیژنە پێکدەهێنین، پێشتر لە گوزەرانی ئەو ماڵە هەژارانە دەکۆڵینەوە کە هاوکاریەکانیان پێدەدەین، سودمەندانی پرۆژەی هاناش خۆی لە ماڵە هەژار و بێنازەکان و منداڵە بێباوکەکان و قوتابی نەدار و خەڵکانی نەخۆش و پیرو پەککەوتەکان و هەژاران بەگشتیدا و دەبینێتەوە، مەبەستمانە هەموو پێکەوە لە ڕێگەی پرۆژەکەمانەوە خەمی هاووڵاتیان لەکۆڵ بگرین".

### لە هەموو وەرزەکاندا چالاکیەکانمان بەردەوامە، بەڵام لە مانگی ڕەمەزاندا چڕتر..

لەگەڵ ئەوەی مانگی ڕەمەزان مانگی پاککردنەوەی دەرون و نزیکبوونەوەیە لە خالقی بوونەوەر و مۆرك و سیمبولی تەقوا و خواپەرستییە و موسڵمانان و پارەداران پتر لەم مانگەدا خێر و چاکە دەکەن و زەکات و بەخشینەکانیان دەردەکەن و ڕوو بەلای هەژاراندا وەردەچەرخێنن و دڵی بێنەواکانی وڵات خۆش دەکەن، وەك (بەهار) جەختی لەسەر دەکردەوە "لە هەموو وەرزێکدا کارەکانمان بەردەوامە، بەڵام لە مانگی ڕەمەزاندا چالاکیەکانمان چڕوپڕترە، چونکە خەڵکێکی زۆر لەم مانگە پیرۆزەدا زەکات و بەخشین زیاتر ئەنجام دەدات و لا بەلای هەژاراندا دەکاتەوە، هەروەك لەم ڕەمەزانەدا کۆمەڵێك کەلوپەلی زۆرمان بەدەست گەیشتووە، پشت بەخوا پێش جەژن بەسەر هەژاراندا دابەشی دەکەین".

### لە شارەکانی تری کوردستان و تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتیش کۆمەکیمان پێدەگات..

هەتا ماکەکانی هێزە موگناتیسیەکەی ئیمان لە دڵی مرۆڤەکاندا درەوشاوە بێت، هەستکردن بە لێپرسراوی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا بە شێوەی جیاجیا وێنا دەبێت، لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت کە لە جەوهەری ئاینی ئیسلامدا جگە لە ئەرکە ڕوحی و مەعنەویەتگەراکەی ئەرکێکی ئابوری و مرۆڤدۆستانەشی لە هەناودا هەڵگرتووە، کە خۆی لە زەکات و سەرفیترەدا دەبینێتەوە، هەروەك سەرجەم لایەنەکانی ژیانیشی فەرامۆش نەکردووە، بۆیە ئەو سیستەمە خۆبەخشییە پەیڕەوکاریەی کە پێی دەوترێت بەخشین (صدقات) و هاوشێوەکانی هەر لەمێژە بووەتە سەرچاوەی دارایی بەشێکی زۆر لە نەداران و هەژاران، بۆیە ئەم سیستەمە یارمەتیدەرە بۆ پرۆژەی هانا و چەندان پرۆژەی تری مرۆڤدۆستانە، هەروەك سەرپەرشتیاری پرۆژەکە ئاماژەی بۆ کرد "پرۆژەی هانا خۆی لە کۆمەکی پارەداران و دوکاندار و پیشەوەرەکانی شاردا دەبینێتەوە، هەندێك جار لە شارەکانی تری کوردستان و تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتیش کۆمەکیمان پێدەگات".

### تا ئێستا سەدەها کەس لەم پرۆژەیە سوودمەند بووە..

ئەگەرچی ئەم پرۆژەیە سێ ساڵ بەر لە ئێستا کاری لەسەر کراوە و بە فەرمی چالاکی هەبووە، توانیویەتی دەستی کۆمەکی بە خەڵکێکی زۆری لێقەوماوی گەرمەسێر بگەیەنێت بە شێوازی جۆربەجۆر هاوکارییان بەسەردا دابەش بکات، وەك (بەهار) دڵنیامان دەکاتەوە "تا ئێستا بەدڵنیاییەوە دەڵێین سەدەها کەس لەم پرۆژەیە سودمەند بووە، هەندێکیان بە پارە و هەندێکیان بە شمەك و پێداویستی ناوماڵی وەك (سۆپا و فەرش و شتی تر)، جگە لە جلوبەرگ، بۆنمونە ساڵی پار زیاتر لە (٢٠٠) پارچە قوماش و (٣٠٠) پارچە جلوبەرگی ئامادەکراو لەگەڵ برێکی زۆر لە خۆراکی وەکو (برنج و نیسك و فاسۆلیا و زەیت و ئارد و گۆشت و مریشك...هتد) سوودمەند بوون".

### پرۆژەی درێژخایه نمان هەیه..

لە ئێستادا یەکێکی تر لە و چالاکیەی پرۆژەی هانا هەیەتی، دۆزینەوەی کارە بۆ بێکاران، کە خۆی لە پرۆژەی درێژخایەندا دەبینێتەوە، هەروەك ئاوڕدانەوە لە بەهرەمەندان و کردنەوەی دەرفەت و خستنە سەرسکەی پیشەوەران و ئەو کەسانەی توانای دەستڕەنگینییان هەیە. سەرپەرشتیاری پرۆژەی هانا ئاماژە بەوە دەکات "ئافرەتی وا هەبووە بێ کار و خاوەن منداڵ بووە و دەستڕەنگین و پیشەوەر بووە، بەڵام هەژار بووە، ئێمە توانیومانە هاوکاری بکەین، بۆنمونە ئافرەتی وا هەبووە لەم شارە خەیاتی زانیوە، بەڵام توانای کڕینی مەکینەی خەیاتی نەبووە پرۆژەکە هەستا بە کڕینی مەکینەی خەیاتی بۆیان، بۆیە دەتوانم بڵێم ئێستا ئەو ئافرەتانە خاوەن مەکینەی خەیاتی خۆیانن و بژێوی خۆیان پەیدا دەکەن و لەو قەیرانە دارییە ڕزگاریان بووە کە پێشتر گیرۆدەی بوون، ئەمەش بەشێکە لە چالاکی پرۆژە درێژخایانەکەمان".

### پرۆژەی هانا بووەتە جێ متمانەی خەڵك، خەڵکێکی زۆر متمانەیان پێمان هەیە..

سەرپەرشتیاری پرۆژەکە وێڕای جەختکردنەوە لە پێدانی متمانەی خەڵك و درێژەدان و بەردەوامیدان بە پرۆژەی هانا بۆ بەهاناوەچوونی نەداران لە ئایندەدا، ڕۆژنامەی یەکگرتووش دەکاتە مینبەر و لێرەوە سوپاسی دۆستان و هاوکارانی پرۆژەکە دەکات و داوای سەربەرزییان بۆ دەکات لە دنیاو لە قیامەتدا، ڕایدەگەیەنێت "خەڵکێکی زۆر متمانەی تەواویان بە ئێمە هەیە، پێم خۆشە لەم مینبەرەوە سوپاس و دەستخۆشییەکی زۆر لە دوکاندارەکان و تەواوی ئەو هاووڵاتیانە بکەم کە بەشداری لە پرۆژەی هانا دەکەن بە یارمەتی و کۆمەکیەکانیان، لە خوای گەورە داواکارین سەربەرزی دونیا و قیامەتیان بکات".

## مانگی ڕەمەزان و بازرگانەکانی لەندەن و کوردستان



سەمەد چاوشین*

مامۆستایەکی بەڕێز کە لەم ڕۆژانەدا لە وڵاتی بەریتانیا گەڕاوەتەوە، باسێکی سەیری بۆ کردم، وتی: بازاڕەکانی لەندەن بەبۆنەی مانگی ڕەمەزانەوە وەکو ڕێزێك بۆ موسڵمانانی جیهان، بڕیاریاندا لە مانگی ڕەمەزاندا هەموو شتومەکەکان لە بازاڕ بە نرخێکی هەرزانتر لە ڕۆژانی پێشووتر بفرۆشن، ئەم بڕیارەشیان تا کۆتایی مانگی ڕەمەزان کاری پێدەکرێت.

بەڕاستی ئەوەی گوێی لە بڕیاری لەم شێوەیە دەبێت، یەکسەر سەرسام دەبێت، چونکە ئەوان هەموومان دەزانین موسڵمان نین، وڵاتی خۆشمان زۆربەی موسڵمانن.

بەڵام ئەوەی لای خۆمان ڕەچاوی دەکەین تەواو پێچەوانەی ئاینی ئیسلامە، چونکە بازرگانانی وڵاتی خۆمان هەر کە زانییان مانگی ڕەمەزان نزیك بۆتەوە، لەجیاتی ئەوەی وەکو بازرگانان و سەرمایەدارانی لەندەن شتومەکەکانیان هەرزان بکەن، کەچی بە پێچەوانەوە چەندین قات شت مەکەکانیان نرخی بەرز دەکەنەوە.

بۆنمونە کە ئێستا مانگی پیرۆزی ڕەمەزانە هەموو شتێك لە بازاڕ نرخی بەرز بۆتەوە، لە گوڵەبەڕۆژە فرۆشێکەوە بیگرە تا گەورەترین بازرگان، کە دەپرسیت هۆکارەکەی چییە وا نرخی کاڵاکانتان بەرز کردۆتەوە؟ یەکسەر دەڵێن بەبۆنەی مانگی ڕەمەزانەوە. وەکو ئەوە وایە کە کاکی بازرگان پێش مانگی ڕەمەزان شتەکانی بە فرۆکە بۆ دێت و ئێستا بە شانی خۆی لە وڵاتانەوە شت ئەهێنێت.

بەڕاستی هەقی وایە بازرگانانی خۆمان ئەم نەریتە بۆگەنە فڕێدەن و کارێکی وا بکەن وەکو کورد دەڵێ نەشیش بسوتێ نە کەباب.

کەسمان حەز ناکەین برا بازرگانەکانمان زەرەر بکەن، یاخود قوربانی بە خۆیان بدەن لەپێناوی خەڵکدا.

بەڵام ئەوانیش هەقە ویژدان سەنگی مەحەك بێ لایان، هەمیشە ویژدانیان ڕەقیب بێ بەسەریانەوە. زۆریش گرنگە برا بازرگانەکانمان هەژارانی ئەم وڵاتەیان لەبیر بێ، هەر هۆکاری چاوچنۆکی هەندێ بازرگانە خەڵك تانە و تەشەر لە ئاینی ئیسلام دەدات و، وادەزانن ئیسلام فەرمانی داوە لە مانگی ڕەمەزاندا شت گران بکەن.

تاقە پرسیارێك لە برا بازرگانەکان دەکەم: ئایا ڕەوایە بازاڕەکانی لەندەن شتومەك هەرزان بکەن، کەچی کاکم حەج و عومرەی کردووە و تەزبیحێکی دوور و درێژی بەدەستەوەیە، کەچی بەناوی ئیسلامەوە قوڵی منالی ئەنفالکراو و بێوەژنی ڕەشپۆش دەبڕێ، تەنها بۆئەوەی پولێکی زیاتر کۆبکاتەوە.

گرنگیش نییە چۆن و چەند کۆدەکاتەوە، گرنگ ئەوەیە کاکی بازرگان دەوڵەمەند بێ.

لە هەمووشی سەیرتر ئەم گرانییە هەموو شتێك دەگرێتەوە، بۆنمونە ئەگەر دەسکێکی تور بە (٥٠٠) دینار بێت لە پێش ڕەمەزان، ئێستا دەبێتە هەزار دینار، (٤) کیلۆ خەیار بە هەزار دینار بوو، ئێستا کیلۆیەك بە هەزار دینارە!

لە کێ پرسیاری گرانی دەکەیت، یەکسەر تاوانەکە فڕێدەداتە سەر حکومەت و کاربەدەستانی شارەکە، بەڵام ئەگەر جوان ورد بینەوە، سەوزە فرۆشێك حکومەتێکە بۆ خۆی، ماست فرۆشێك حکومەتێکە بۆ خۆی، بۆیە تا کۆمەڵگا هەمووی خۆی لێپرسینەوە لەخۆی نەکات و ویژدانی خۆی نەکاتە سەنگی مەحەك لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ڕۆژانەیدا، هەرگیز هەق نییە ئەو مافە بەخۆی بدات ڕەخنە لە حکومەت و بەرپرسانی شار بگرێت.

* لێپرسراوی بەشی ڕووناکبیری مەڵبەندی دووی ڕێکخستنی کەرکوکی ( ی. ن. ك)

# ڕۆژوو؛ قورسترین فەرز و زۆرترین خەڵك!

دارا ڕەشید محەمەد

خوای گەورە زانا بەوە کاتێ کە فەرمان و ئەرکێ بە مرۆڤ ئەدات، دەروونی مرۆڤ پێویستی بە هاندان و هاوکاری و کارئاسانی و جۆشدان هەیە تا بە فەرمانەکە هەستێ، هەرچەندە ئەرکەکە حیکمەت و سودی زۆریشی هەبێ بۆ مرۆڤ.

* بۆیە خوای گەورە کاتێ فەرمان دەکات بە گرتنی ڕۆژوو، بە ئاشکرا ئاسانکاری و هاندان بەدی دەکرێت لە فەرمانەکەدا، لەوانە:

یەکەم: خوای گەورە زۆر بە میهر و سۆز و خۆشەویستییەوە فەرمانەکە دەکات و دەفەرموێ (یاایهاالذین آمنوا...) البقرة.

واتە" ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە)، ئەی ئەوانەی شانازی بە ئیمانەوە دەکەن.. ئەمە خۆشترین ناو و شێوازە بۆ بانگکردنی بەندەکانی خوا، تا لە ڕووی دەرونییەوە ئامادەیی دروست بکات.

دووەم: پاشان خوای گەورە دەفەرموێت (کتب علیکم الصیام کما کتب علی الذین من قبلکم) البقرة

واتە"ڕۆژووتان لەسەر پێویست (فەرز) کراوە، هەروەك چۆن لەسەر خاوەن ئاینەکانی پێش ئێوە فەرز کراوە". ئیمانداران دڵنیا دەکاتەوە، مەترسن، بۆتان دەگیرێ، چونکە ئیماندارانی پێش ئێوە گرتوویانە.

سێیەم: لێرەدا بەبەزەیی مەبەست و حیکمەتی ڕۆرژوو دەخاتە ڕوو، تا مرۆڤەکان زیاتر دڵگەرم بن، لەسەر فەرمانەکە و دەفەرمووێ (لعلکم تتقون).

واتە"تاوەکو خۆتان لە خراپە بپارێزن و بەندایەتی خوای خۆتان بکەن". هەموو موسڵمانێك حەز دەکات پارێزکار بێت، بۆیە ئەم حیکمەتە زۆر کاریگەری هەیە لەسەریان.

چوارەم: پاشتر دەفەرموێ (ایاما معدودات) واتە "چەند ڕۆژیکی دیاریکراوە".

پەروەردگار کارەکە ئاسان دێنێتە پێش چاو، چەند ڕۆژێکە دەبڕێتەوە، هەموو تەمەن نییە، هەموو ساڵەکە نییە، تەنها مانگێکە، تەنها مانگی ڕەمەزانە.

پێنجەم: دوای هەموو ئەو ڕوونکردنەوە و ئامادەسازییە، خوای گەورە لەو مانگەدا شەیتان دەبەستێتەوە، کە ئەمە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ژیانی ئیمانداران و بەڕوونی و ئاشکرایی لە ڕەمەزاندا بەدی دەکرێت، دڵەکان نزیك دەبنەوە، کێشە گەورەکان سووك دەبێ، بچوکەکان چارەسەر دەکرێن.

شەشەم: سۆز و میهر و ئاسانکاری خوایی هەر بەردەوامە، تا دواجار ڕۆژوو لەسەر دوو کۆمەڵ لادەبات، ئەویش:

– نەخۆش: تا چاك دەبێتەوە.

– کەسێ کە سەفەر دەکات: تا جێگیر دەبێ و دادەمەزرێ.

* سەید قوتب لە (في ظلال القرآن)دا دەڵێ: وشەی (نەخۆش و موسافیر) لە ئایەتەکەدا بە ڕەهایی هاتووە و سەفەر چەند کورت و بێزەحمەت و سوك بێت و، نەخۆشیش با سوك بێت و لێی گران نەکردبێت، ڕۆژوویان لەسەر نییە، بە مەرجێ دواتر بیگرنەوە.

هەموو ئەمانە وایکردووە کە زۆرترین خەڵك بەڕۆژوو بن، لەگەڵ ئەوەشدا کە قورسترین پەرستشە، بەجۆرێك هەندێ کەس بەهۆی ڕۆرژووەوە دادەمەزرێن لەسەر عیبادەتەکانی تر.

بۆیە دەڵێین: خودایە! هەرچی بتەوێ دەیکەیت و بۆت ئاسانە.